سەرۆك وەزیران بانگهێشتنامەیەکی فەرمی وەردەگرێت بۆ سەردانی کردنی تونس



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە پێشوازی کرد لە وەزیری کاروباری دەرەوە و کۆچی تونسیەکان لە دەرەوە نێبیل عەمار و شاندەکەی یاوەری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران باویکردەوە لە سەرێتای دیدارەکەدا، نێبیل عەمار سەاوی سەرۆکی تونس قەیس سەعید و سەرۆک وەزیرانی تونس ئەحمەد حەشانی گەیاندە سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەگەڵ بانگهێشتنامەیەکی فەرمیدا بۆ سەردانی کردنی تونس.

سەرۆک وەزیران پێشوازی لە سەردانەکەی وەزیرەکەی تونس کرد کە نوێنەرایەتی دەستپەکی چالاککردنی دەسپێ هاوبەشکانی نێوان هەردوو وڵات دەکات و پیرۆزبایی لە 17هەمین خولی لیژنەی هاوبەشی عێراق و تونس کرد کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژی بەردەوام لە بەغدای پایتەخت بەڕێوەدەچێت و تیایدا 18 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ دەکرێت و جەختی لە پێشوازیکردنی عێراق لە کۆمپانیاکانی تونس کردەوە بۆ کارکردن لە بواری جیاجیاکان و ئاماژەی بۆ گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکان کرد لە ئاوگەڕی بازرگانی و پەروەردە و گەشتیاریدا.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە هەوڵستی بنچینەیی عێراق و تونس کرا سەبارەت بەوەی کە لە خاکە داگیرکراوەکانی فەلەستین هوودەدات، سەرکەی ئینجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە هەرچەندە هەوڵستی عەرەبی یەکگرتووتر و بەهێزتر بێت ئەو لە مەینەتییەکانی فەلەستینییەکان کەم دەکاتەوە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هەوڵستی نەودەوڵەتی هوون بێت بۆ ڕانبەر بە ئیدانەکردنی تاوانەکانی جینۆسایدکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی کە لە غەززە هوودەدات و کارکردن بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە خوێناوییەی کە ماوەی حەوت مانگە بەردەوامە.

لە لای خۆیەوە،نەبیل عەمار پێزانینی وەاتەکەی بۆ هەوڵستەکانی عێراق بۆ ڕانبەر تونس لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا دەربڕی و جەختی لە خواستی حکومەتەکەی کردەوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاری نێوان هەردوو وەاتی برا لە هەموو بوارەکاندا.